

# ئیگزستانسیالیزمی فەڕەنسی

هانا ئارێنت
له‌ ئەڵمانییەوە: نزار سابیر

**ئەمەی خوارەوە گوتارێکی هانا ئارێنتە، کە بۆ یەکەم جارە دەکرێتە ئەڵمانی و لە چوارچێوەی ژمارەیەکی تایبەتدا، کە تەرخانکراوە بۆ بوونگەرایی، لە نۆڤەمبەری 2017دا لە گۆڤاری (Philosphie)دا بڵاوبۆتەوە. جگە لە دەقە ئەڵمانییەکە، دەقە ئەسڵییە ئینگلیزییەکەش لەبەرچاوگیراوە و لەگەڵیەکدا بەراورد کراوەتەوە. بۆ یەکەمجار ئەم دەقە لەژێر ناوی "ئیگزستانسیالیزمی فەرەنسی"دا لە گۆڤاری هەفتانەی (The Nation)دا بڵاوبۆتەوە.**

کۆڕێک لەسەر فەلسەفە شەڕ و فەرتەنە دەنێتەوە. بە سەدان کەس خۆیان دەترنجێننە ژوورەوە و بە هەزاران دەکرێنە دەرەوە. کتێبگەلێک، کە نە چەکی غوفران و نە دەرمانی دەردان دەبەخشنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەندە ئاڵۆزن بە راستی بیرلێکردنەوەیان دەوێ، وەک چیرۆکی پۆلیسی بە لێشاو دەفرۆشرێن. شانۆییگەلێک، کە رووداوەکانیان بە قسەی رووت دەچن بەڕێوە، نەک بە جووڵە و کردار، و گفتوگۆکانیان لەنێوان لێکدانەوە و ئەفکاردان، بە چەندان مانگ نمایش دەکرێن و لەبەر تەماشاچییانی بەشەوق بەرناکەون. لێکدانەوەگەلێک بۆ حاڵی ئینسان لە دنیادا، بۆ بنچینەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان، بۆ بوون و نەبوون، هەر بە تەنیا جووڵانەوەیەکی ئەدەبیی نوێ دەرناخەن، بەڵکو جگە لەوە وەک رێنیشاندەرێکی مومکین بۆ قیبلەنمایەکی سیاسیی تازە خۆیان بەرجەستە دەکەن. فەیلەسووفان دەبنە رۆژنامەدەرکەر، شانۆنووس و رۆماننووس. سەر بە هیچکام لە کۆلێژەکانی زانکۆ نین؛ بەڵکو "لانەواز"ێکن لە ئوتێلەکاندا دەژین و رۆژ لە قاوەخانەکاندا بەسەردەبەن. ژیانێکی ناشەخسی و گشتی، تا ئەندازەی دەستهەڵگرتن لە ژیانی تایبەت، دەگوزەرێنن. تەنانەت مۆفەقبوونیش، وەک پێ دەچێ، ناتوانێ وەریانبگێڕێت بۆ خەڵکانێکی رێزلێگیراوی تاقەتخەوێن.

ئەمەیە ئەوەی ئێستا، بە گوێرەی هەموو راپۆرتەکان، لە پاریس دەگوزەرێ. ئەگەر بەرهەڵستی (دژ بە نازییەکان) شۆڕشە ئەوروپییەکەی نەهێنابێتەدی، ئەوا لەوە دەچێ، هیچ نەبێ لە فەرەنسا، یاخیبوونێکی راستینەی رۆشنبیرانی نابێتەوە، کە دەستەمۆیی ئەمانە (جاران) سەبارەت بە کۆمەڵگەی مۆدێرن یەکێک بوو لە خەمناکترین لایەنەکانی ئەو دیمەنە خەمناکە کە ئەوروپای نێوان جەنگەکان دەیخستەروو. خەڵکی فەرەنسا حاڵی حازر، پێدەچێ ئارگومێنتی فەیلەسووفەکانیان پێ گرنگتر بێ لە قسە و دەمەقاڵێی سیاسییەکانیان. هەڵبەت دەکرێت ئەمە رەنگدانەوەی حەزێک بێ بۆ هەڵاتن لە جووڵانی سیاسییەوە بۆ جۆرێک لە تیۆری، کە هەر قسە لە جووڵان بکات؛ واتە بۆ (ئەکتیڤیزم Aktivismus). بەڵام ئەمە دەشکرێت ئەوە بگەیەنێت، کە بە لەبەرچاوگرتنی مایەپووچبوونی رۆحیی چەپەکان و نەزۆکیی نوخبە کۆنە شۆڕشگێڕەکە -کە بووە هۆی ئەوەی لای هەموو پارتە سیاسییەکان بێهیوایانە مەیلێکی بەهێز دروستبێت بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی نیزامە کۆنەکان- خەڵکێکی زۆرتر، وەک لەوەی داماندەنا، هەست بەوە بکەن کە تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بەرپرسیارێتیی کرداری سیاسی بگرنە ئەستۆ، کە هەم لە رووی ئەخلاقییەوە و هەم لە رووی سیاسییەوە بناغەی نوێ دابنرێت؛ دەکرێت هەست بەوەش بکەن کە نەریتە کۆنەکەی فەلسەفە، کە لای تەنانەت نافەلسەفیترین مرۆڤەکان چەسپیوە، رێگر بێت لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی سیاسیی نوێ.

ناوی ئەم بزووتنەوە نوێیە (ئیگزستانسیالیزم)ـە و پێشڕەوە هەرە سەرەکییەکانیشی (ژان پۆل سارتەر) و (ئەلبێر کامۆ)ن. بەڵام چەمکەکە (ئیگزستانسیالیزم) ئەوەندە خراپ تێگەیشتنی زۆری ناوەتەوە، بەشێوەیەک کامۆ بە ئاشکرا رایگەیاند کە بۆچی ئەو "ئیگزستانسیالیست نییە". ئەم ناولێنانە لە فەلسەفەی مۆدێرنی ئەڵمانییەوە کەوتۆتەوە، کە راستەوخۆ دوای جەنگە جیهانییەکەی یەکەم بووژانەوەی بەخۆوە بینی و ماوەی دە ساڵ پتریشە بە

شێوەیەکی بەهێز کاری لە بیرکردنەوەی فەرەنسی کردووە. هەرچەندە گەڕان بە شوێن سەرچاوەکانی ئیگزستانسیالیزمدا و ناساندنی لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا شتێکی ئەوەندە گرنگ و دروست نییە، هەر هیچ نەبێت لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی هەردوولا، واتە هەم فۆرمە ئەڵەمانییەکە و هەم فەڕەنسییەکە، لە هەمان دەوران و نزیکەی هەمان میراتی کولتوورییەوە هەڵقوڵاون.

با ئیگزستانسیالیستە فەڕەنسییەکانیش لە گەلێک شتدا ناکۆک بن، بەڵام هەموو لەسەر دوو خەتی سەرەکیی یاخیبوون کۆکن: یەکەمیان، ڕەتکردنەوەی توندی ئەوەی ناوی دەنێن (گیانی جددییبوون – L'spirit sèrieux)؛ دووەمیشیان، ڕازینەبوون بە قبووڵکردنی دونیا وەک ئەوەی کە خۆی هەیە، وەک جێگەیەکی سرووستیی پێشوەخت دانراو بۆ ژیانی ئینسان.



Hannah Arendt

## خۆلێگۆڕین و دووڕوویی

L'spirit sèrieux (گیانی جددییبوون) -کە بە گوێرەی فەلسەفە نوێیەکە گوناهە بنەڕەتییەکەیە- دەکرێت یەکسان بکرێت بە بەڕێزایەتی. پیاوی "جددی" ئەو کەسەیە کە خۆی وەک سەرۆکی کار و کۆمپانیاکانی دەبینێت، وەک ئەندامی کۆڕی هەڵگرانی نیشانی شەرەف (Legion of honor)، وەک ئەندامی ئەکادیمیا، بەڵام هەروەها وەک باوک،

وەک مێرد یان وەک هەر وەزیفەیەکی دیکەی نیوە سروشتی و نیوە کۆمەڵایەتی. کاتێک کە ئەمە دەکات، ئیدی ڕازی دەبێت بەوەی خۆی بە وەزیفەیەک پێناس بکات، کە کەیفەخۆییە و لەلایەن کۆمەڵگاوە دانراوە. گیانی جددیبوون ڕێک نەهێکردنە لە ئازادی، چونکە مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی قبووڵی بێت و ڕازی بێت بەو داشێواندنەی هەموو کەسێک ناچارە پێیدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی بگونجێنرێتە ناو کۆمەڵگاوە. ئەمجا لەبەرئەوەشی هەموو یەکێک لە دڵی خۆیدا بەشی خۆی باش دەزانێ کە یەکسان نییە بە وەزیفەکەی، بۆیە لە پشت گیانی جددیبوونەوە نیازێکی خراپ هەیە بە مانای دووڕوویی. کافکا لە "ئەمریکا"دا پێشانی داوە چەندە مایەی پێکەنین و مەترسییە ئەو شکۆ بەتاڵە، کە لەوێوە سەرهەڵدەدا کاتێک مرۆڤ پێناسی خۆی بە گوێرەی وەزیفەکەی دیاریدەکات. لەو کتێبەدا پایەبەرزترین کەسی ناو ئوتێلەکە، کە سەرۆکی خزمەتکارەکانە و نان و ژیانی کابرای پاڵەوانی چیرۆکەکە لەسەر قسەیەکی ئەو وەستاوە، بە عەقڵییەتی پیاوە "جددی"یەکە، بە مومکینی نازانێت هەڵەی لێ بوەشێتەوە: "ئەمجا ئەگەر من کەسێکم لەگەڵ کەسێکی دیکەدا لێ تێکبچێت، ئیدی چۆن دەتوانم وەک سەرۆکی دەرگاوانان بمێنمەوە".

بابەتی ئەم گیانی جددیبوونە لەپێشدا لە ڕۆمانەکەی سارتەر، "هێڵنج"دا، دەستی بۆ براوە، ئەوەش لە وەسفێکی کەیفبەخشی گەلەرییەکدا، کە پۆرترێتی "سالوەکان Salauds" لەخۆدەگرێت، کە خانەدانە ڕێزلێگیراوەکانی شارەکەن. پاشان ئەمە بووە مژاری سێنتراڵ لە ڕۆمانی "نامۆ"ی کامۆدا. پاڵەوانی کتێبەکە، نامۆکە، پیاوێکی ئاسایی و تێکراییە کە سووک و سادە ئامادە نییە بچێتە ژێر باری جددییەتی کۆمەڵگاوە و لە قاوغی ئەو وەزیفەیانەدا بژیێ کە پێی بڕاوە. لە پرسەکەی دایکیدا وەک کوڕ هەڵسوکەوت ناکات -ناگری؛ وەک مێرد هەڵسوکەوت ناکات- تەنانەت لە ساتی دەزگیرانگرتنەکەشیدا ئامادە نییە هاوسەرگیرییەکە بە جددی بگرێت. لەبەر ئەوەی دووڕوویی ناکا، کەسە نامۆیەکەیە، کە کەس تێیناگات و ئاخریش ژیانی هەر لەسەر ئەمە ڕێزنەگرتنەی لە کۆمەڵگا دادەنێت. لەبەرئەوەی ئەو یارییەی ئەوان یاری ناکات، لە ئینسانەکانی دەوروبەری دادەبڕێت تا ئاستی سەرلێدەرنەکردن، لە خۆیشی دادەبڕێت تا ئاستی قسەبۆنەکران. تەنیا لە دوایەمین دیمەندا، ڕاستەوخۆ بەر لە مردنی، دەکەوێتە جۆرێک لە ڕوونکردنەوە، کە ئەو هەستە دەگەیەنێت، کە لای ئەو ژیان خۆی مەتەڵێکە و بەو هەمووە ترسناکییەی خۆیشییەوە هێشتا ئەوەندە



**ناوی ئەم بزووتنەوە نوێیە ئێگزستانسیالیزمە و پێشڕەوە هەرە سەرەکییەکانیشی (ژان پۆل سارتەر) و (ئەلبێر کامۆ) ن. بەڵام چەمکەکە (ئێگزستانسیالیزم) ئەوەندە خراپ تێگەیشتنی زۆری ناوەتەوە، بەشێوەیەك كامۆ بە ئاشكرا ڕایگەیاند كە بۆچی ئەو "ئێگزستانسیالیست نییە"**



خۆشە پێویست بەوە ناکات بە ترش و خوێی هەڵویستی جوان و خۆنواندنی بەتاڵ "باشتری بکەیت".

دراما نایابەکەی سارتەر، "کۆمەڵگای داخراو"، سەر بە هەمان ئەو ژانرەیە. شانۆییەکە لە دۆزەخدا دەستپێدەکات، کە بە شێوەیەکی گونجاو لەسەر ستایلی ئیمپراتۆریای دووەم ناوماڵ کراوە. ئەو سێ کەسەی لە ژوورەکەدا کۆبوونەتەوە -"دۆزەخەکە ئەوانی دیکەن"- عەزابی دۆزەخ دەخەنە گەڕ، بەوەی دەستدەکەن بە خۆلێگۆڕین (یان خۆوادەرخستن). بەڵام چونکە (دوکانی) ژیانیان داخراوە و "تۆش هەر ژیانی خۆتیت و هیچی دیکە"، بۆیە تازە خۆ لە یەکتر گۆڕین سەرناگرێت؛ ئیدي دەبینین، لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە دەکرێت چی بەسەر خەڵکدا بێت ئەگەر بێت و ڕووتبکرێنەوە لە بەرگی قەڵغانانەی وەزیفەکانیان، کە کۆمەڵگا پێی بەخشیون.

هەم دراماکەی سارتەر و هەم ڕۆمانەکەی کامۆ نکۆڵی دەکەن لە ئیمکانی هەر جۆرە گرێدرانێکی ڕاستینە لەنێوان بەشەردا، هەر جۆرە پەیوەندییەک، کە ڕاستەوخۆ و بێخەتا بێت؛ کە خاڵیی بێت لە دووڕوویی. خۆشەویستی لای فەلسەفەی سارتەر ویستە بۆ خۆشویستران، تینوێتییە بۆ باڵاترین پشتڕاستکردنەوەی وجوودیی خود. لای کامۆ خۆشەویستی هەوڵێکی نەزۆکی بێهیوایانەیە بۆ شکاندنی دابڕانی تاک.

**دووەم خاڵی هاوبەش لە ئیگزستناسیالیزمی فەرەنسیدا، کە پێداگرییە لەسەر ئەوەی ئینسان لە بنچینەدا بێنیشتیمانە لە دنیادا، مژاری سەرەکیی "ئەفسانەی سیزیف"ی کامۆیە**

ڕزگاربوون لە دووڕوویی و جددیبوون بەوە دێتەدی مرۆڤ ئەوە بنوێنێت کە بە ڕاستی خۆیەتی. دیسان کافکایە، کە لە دوا بەشی "ئەمەریکا"دا ئیمکانییەتێکی نوێ دەخاتەڕوو بۆ بەسەربردنی ژیانێکی ڕەسەن و ڕاستینە. گەورە "شانۆی سروشت"، کە لەوێ هەموو یەکێک بەخێرهاتن دەکرێ و بێبەختیی، دەڕەوێنرێتەوە، هەر وا لەخۆڕا شانۆ نییە. لەوێ هەموو کەسێک بانگهێشت دەکرێت کە خۆی ڕۆڵی خۆی هەڵبژێرێت و ئەوە بنوێنێت کە خۆیەتی یان ئەوەی پێی خۆشە ببێت. ڕۆڵە هەڵبژێرراوەکە ڕەواندنەوەی ململانێیەکە لەنێوان وەزیفەگێڕانی ڕووت و بوونی ڕووتدا و هەروەها لەنێوان هەڵخواستنی ڕووت و واقعی ڕووتدا. لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی دەبێتە سەرمەشق یان ئایدیاڵە نوێیەکە ئەو ئەکتەرەیە کە پیشەکەی هەر خۆنواندنە و بەردەوام ڕۆڵەکانی دەگۆڕێت و بەمەش هەرگیز ناتوانێت هیچ کامێک لەو ڕۆڵانە بە جددیی وەربگرێت. کاتێک کە ئینسان ئەوە دەنوێنێت کە خۆیەتی، ئازادیی خۆی وەک ئینسان دەپارێزێت لە دووڕوویی وەزیفەگێڕانەکانی خۆی. تەنیاش لەو حاڵەتەدا، کە ئینسان ئەوە بنوێنێت کە بە ڕاستی خۆیەتی، دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو قەت یەکسان نییە بە خۆی، بەو شێوەیەی شتێک یەکسانە

بە خۆی. مەرەکەبدانێک هەمیشە هەر مەرەکەبدانە. بەڵام ئینسان ژیانێتی و کردارەکانێتی، کە هەرگیز دواییان نایەت هەتا ئەو ساتەی دەمرێت. ئینسانیش بوونیەتی.

## بێ نیشتیمان لە دنیادا

دووەم خاڵی هاوبەش لە ئیگزستناسیالیزمی فەرەنسیدا، کە پێداگرییە لەسەر ئەوەی ئینسان لە بنچینەدا بێنیشتیمانە لە دنیادا، مژاری سەرەکیی "ئەفسانەی سیزیف"ی کامۆیە، هەوڵێکە لە سەروو "پووچی" و "هێڵنج"ـەکەی سارترەوە. لای کامۆ ئینسان هەر لە بنەڕەتدا نامۆیە، چونکە دنیا بەگشتی و ئینسانیش وەک ئینسان بۆیەکدی ناگونجێن. ئەوەی کە هەردووکیان لەگەڵ یەکدا لە وجوددا هەن، حاڵەتی ئینسانبوون دەکات بە سەخافەت. ئینسان تاکە "شت"ـە لە دنیادا کە پێدەچێت سەر بە ئەوێ نەبێت، چونکە بە سادەیی ئەو وەک ئینسان بوونی نییە لەناو ئینسانانادا بەو شێوەیەی ئاژەڵ بوونی هەیە لەناو ئاژەڵاندا و دار بوونی هەیە لەناو داراندا – ئەوانە هەموو وەک یەک بە ناچاری، وەک بڵێیت، لە (کۆ)دا هەن. ئینسان، بە پێچەوانەوە، لە بنەڕەتدا تەنیایە؛ تەنیایە لە "یاخیبوون"یدا، لە "پێشبینی"یدا؛ واتە لە بیرکردنەوەیدا، کە کردوویەتی بە قەشمەر؛ چونکە بەهەری



Hannah Arendt

عەقڵیی لە دنیایەکدا پێبەخشراوە، کە "هەموو شتێک دانراوە و هیچ شتێکیش قەت تەفسیر ناکرێت".

بۆچوونی سارتر لەسەر سەخافەت و لەخۆڕابوونی وجوود لە هیچ شوێنێکدا باشتر رووننابێتەوە، لەو بەشەی "هێڵنج"دا نەبێت، کە لە ژمارەی ئەم جارەی (Partisan Review)دا لەژێر ناوی "ڕەگەکانی دارگوێز"دا بڵاوکراوەتەوە.

هەرچی هەیە، ئەوەندەی ئێمە دەیبینین، بچووکترین هۆکاری نییە بۆ هەبوون. هەمووی زیادەیە و ناو بێنە و دەست بشۆ. خۆی لە خۆیدا ئەو راستییەی، کە من دنیایەکم پێ نایەتە بەرچاو، کە لەبری ئەو هەموو شتە زۆر و زیادەیە، هیچی تێدا نەبێت، ئەوە دەردەخا، چ تووشبوونێکی بێهیوایانە و بێمانایانە ئینسان تووشی وجوود بووە.



**ئینسان لە بنەڕەتدا تەنیایە؛ تەنیایە لە ”یاخیبوون“یدا، لە ”پێشبینی“یدا؛ واتە لە بیرکردنەوەیدا، کە کردوویەتی بە قەشمەر؛ چونکە بەهرەی عەقڵیی لە دنیایەکدا پێبەخشراوە، کە ”هەموو شتێك دانراوە و هیچ شتێکیش قەت تەفسیر ناکرێت“**

### لەنێوان سەخافەت و مرۆڤگەرییدا

لێرەدا ڕێی سارتەر و کامۆ لێکجیادەبنەوە، هەڵبەت ئەوەندەی ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرهەمە کەمانەدا حوکمان پێ بدرێت، کە لێرە لە وڵات لەبەردەستماندان. سەخافەتی وجوود و ڕەتکردنەوەی ”گیانی جددیی بوون“ لای هەردووکیان تەنیا خاڵی دەستپێکن. لێرەوە کامو پێدەچێ بەرەو فەلسەفەی پووچی ڕۆیشتبێت، لەکاتێکدا وەها دەردەکەوێت سارتەر کار بکات بەرەو جۆرە فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤیستی نوێ و تەنانەت بەرەو مرۆڤگەرییەکی نوێ. لەوە دەچێت کامو بۆیە دژ بەوە وەستابێتەوە پێی بگوترێت ئیگزستانسیالیست، چونکە لای ئەو پووچی لە ئینساندا نییە وەک خۆی یاخۆ لە دنیادا وەک خۆی، بەڵکو لەوەدایە کە ئینسان و دنیا پێکەوە فڕێدراون. مادام ژیانی ئینسان، کە کەوتۆتە دنیاوە، پووچە، دەبێت ژیان وەک پووچی ئەزموون بکرێت – واتە لە جۆرێک لە لاساریی بەخۆوەنازیوانەدا؛ لاسارییەک، کە پێدادەگرێ لەسەر عەقڵ، ئەگەرچی بەردەوام بۆی تاقیدەبێتەوە، کە عەقڵ هیچ شتێکی پێ ڕوون ناکرێتەوە؛ کە پێدادەگرێت لەسەر نائومێدی، چونکە شانازی ڕێ بە ئینسان نادات، هیوا لەسەر مانایەک هەڵبچنێت، کە لە ڕێی عەقڵەوە بەدەستنەهێنرابێت؛ لاسارییەک، کە دواجار پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی عەقڵ و کەرامەتی ئینسان، سەرەڕای بێماناییان، وەک بەرزترین بەها دەمێننەوە. ژیانی پووچ، بەو پێیە لەوەدایە، بە بەردەوامی دژ بە هەموو هەلومەرجەکانی یاخی بیت و بە بەردەوامییش دڵدانەوە ڕەتبکەیتەوە. ”ئەم یاخیبوونە باجی ژیانە. کاتێک تەواوی ماوەی وجوودێک دەگرێتەوە، عەزەمەتی پێدەبەخشێت“. هەموو ئەوەی دەمێنێتەوە، هەموو ئەوەی ئینسان دەتوانێت ”بەڵێ“ی بۆ بڵێ، ئەو بەختە (یان ئەو ڕێکەوتە) خۆیەتی، کە ئینسان و دنیای پێکەوە فڕێداوە. ئۆدیپۆس دەڵێت من پێم وایە هەموو شتێک باشە. ئەم وشەیەش پیرۆزە و لەو گەردوونە بەرین و دڵڕەقەدا دەنگدەداتەوە، کە سنووری ئینسانە... ئەمە (وجوود) لە چارەنووسەوە دەگۆڕێت بۆ کێشەیەک ئینسانی، کێشەیەک کە هەر دەبێت لەنێو ئینسانەکان خۆیاندا یەکلابکرێتەوە. ڕێک لەم خاڵەدایە، کە کامۆ، بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی زۆر بدات، هەموو گۆشەنیگا مۆدێرنخوازەکان لەپشت خۆیەوە بەجێدەهێڵێت و دەگاتە تێبینیگەلێک ، کە ڕاست و ڕەسەن مۆدێرنن؛ تێبینیی وەک ئەوەی کە ڕەنگە ساتەوەختی ئەوە هاتبێت، کە ”دنیای خولقێنراو وەک تراژیدیایەک نەبینرێت، بەڵکو تەنیا بە جددیی وەربگیرێت“.

لای سارتەر سەخافەت هەم لە جەوهەری شتەکاندایە و هەم لە جەوهەری ئینساندایە. هەرچی هەیە سەخیفە، هەر لەبەرئەوەی هەیە. جیاوازیی نێوان شتەکان لە دنیادا و ئینسان ئەوەیە، شتەکان بێگومان خۆیان لەگەڵ خۆیاندا یەک شتن، لە کاتێکدا ئینسان -لەبەرئەوەی دەبینێت و دەزانێت کە دەبینی باوەڕدەکات و دەزانێت کە باوەڕدەکات- لە ئاگای خۆیدا نەفییەک هەڵدەگرێت، کە وەها دەکات، هەرگیز نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا یەک شت بێت. تەنیا لەم ڕووەوە -لە ڕووی ئاگاییەوە، کە لەناو خۆیدا گەرای نەفیکردنی هەڵگرتووە- ئینسان خولقێنەرە. چونکە ئەمە خۆکردی ئینسان خۆیەتی و دانەنراوە، وەک ئەوەی دنیا و وجوود دانراون. ئەگەر ئینسان لەم ئاگاییەی خۆی و ئیمکانییەتە داهێنەرە هەتا بڵێیت زلەکانی بەئاگا بێت و واز لەو تاسەیە بهێنێت، کە وەک هەر "شتێک" خۆی لەگەڵ خۆیدا یەکسان بکات، ئەوا دەرک بەوە دەکات، کە پشتی بە هیچ شتێک و هیچ کەسێک قایم نییە خۆی نەبێت و ئازادیی خۆی لە دەستی خۆیدایە و دەتوانێت خۆی سەرداری چارەنووسی خۆی بێت. پێدەچێت ئەمە پەیامی سەرەکیی ڕۆمانەکەی سارتەر "مێشەکان" بێت. لەوێدا ئۆرێستەس، بەوەی ئەرکی کوشتارە ناچارییەکە، کە خەڵکی شارەکە سڵی لێ دەکەنەوە، دەگرێتە ئەستۆی خۆی، شارەکە ڕزگاردەکات و مێشەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات، مێشەکان "ئەرینییەکانن"، کە (بە گوێرەی میتۆلۆژیای یۆنانی خواوەندی) ویژدانی عەزاببار و ترسی تۆڵەکردنەوەن. ئۆرێستەس خۆی قایم و پارێزراوە، چونکە نە هەست بە خەتا دەکات و نە لە هیچیش پەشیمانە.

## مۆدێرنیزمێکی لێبراو

هەڵەیەکی هەرزانە وابزانین ئەم ئاراستە نوێیە لە فەلسەفە و ئەدەب تەنیا مۆدەیەکی دیکەی کورتخایەنە، چونکە پێشڕەوەکانی ڕێزلێگیرانی دامودەزگاکان ڕەتدەکەنەوە و تەنانەت خۆیشیان وەها نانوێنن بەدوای ئەو جددیی بوونەوە بن کە هەموو دەستکەوتێک بە پلەپەیژەیەکی سەرکەوتن لە ژیانی پیشەییدا دادەنێت. ناشبێت لێگەڕێین ئەو هەرا ڕۆژنامەوانییە شاییئامێزەی شان بە شانی کارەکانیان دەڕوات بمانتەکێنێتەوە. ئەم سەرکەوتنە، با خۆی لە خۆیدا قسەش هەڵبگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ کوالیتیی بەرهەمەکانیان. بێجگە لەوە دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنێتییەکی لێبراوانەی هەڵوێستیان، کە هەوڵی داپۆشینی ئەو درزە قووڵە نادات، کە لەنێوان خۆیان و نەریتی فەلسەفەی غەربیدا هەیانە. بە تایبەتی کامۆ ئەوەندە بوێرە، تەنانەت هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی یان پێشەنگانی پێش خۆی و شتی لەو بابەتە نادات. سارتەر و کامۆ بەوەیان باشە، وەک دیارە، بە تاسەوە ناگەڕێنەوە سەر ڕۆژگارە خۆشە کۆنەکان، با بە شێوەیەکی موجەڕەدیش ڕەنگە بزانن، ئەو ڕۆژگارانە لەوەی ئێمە باشتر بوون. باوەڕیان بە سیحری ڕابوردوو نییە و لەوەشدا ڕاستگۆن، کە هیچ سازشێک ناکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر نەفەسی شۆڕشگێڕانەی ئەم نووسەرانە بە هۆی مۆفەقبوونەوە نەشکێت؛ ئەگەر، بە مانایەکی ڕەمزییانە، لە ژووری ئوتێل و قاوەخانەکانیان نەچنە دەرێ، دەکرێت کاتێک بێتە پێش، کە پێویست بکات بە شێوەیەکی "جددیی" ئەو لایەنانەی فەلسەفەکەیان دەستنیشانبکرێن کە دەریدەخەن ئەوان هێشتا بە شێوەیەکی مەترسیدار لە مەفهوومە کۆنەکانەوە گلاون. پێکهێنەرە نهیلیستییەکان (پووچگەراییەکان)، کە سەرەڕای ئەوەی دژایەتییان دەکرێ و لافی پێچەوانەکانیان لێدەدرێت، بەڵام هێشتا ئاشکران (لە فەلسەفەکەیاندا)، لە تێبینییە نوێیەکان نەکەوتوونەتەوە، بەڵکو لە بیرکردنەوە زۆر کۆنەکانەوە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (The Nation)